

# پاوشای دەریاکان

نووسەر: عوسمانی ئەحمەدی

**پاوشای دەریاکان**

نووسەر : عوسمان ئەحمەدی

وەرگیراو لە چیرۆکی کۆن

ساڵی : 1350





## پاوشای دەریاکان

ژن و پیاوێکی هەژاری داماو، لە نێو کەوێلێکی پەرپووت و دارزێودا، لە لێواری دەریایێ ئەژیان.

هەموو رۆژێ، پیاوەکە ئەرۆیشت، تۆری ئەهاویشتە نێو دەریاکە وە یەک دوو ماسی ئەگرت وە بەوە ئەژیان.

رۆژێ لە بەیانی یەوە تا نزیک نیوە رۆ، ماسی یەک نەکەوتە نێو تۆرەکەیەوە.

لێ برڕا تۆڕەکەی هەڵ کێشێ وە بڕواتەوە بۆ ماڵ، سەیری کرد ماسی یەکی سووری چکۆلەی تێدایە.

کە گرتی، ماسیەکە هاتە قسە و وتی برام، من گۆژدێکم نیە کە تۆ بیخۆی، بەرم دە، بەڵکوو رۆژێ رۆژگارێ، من بێمە هاوارتەوە و کارێکت بۆ بکەم.

وتی تۆ، بەم تۆسقاڵە لەشتەوە چیت لێ دێ، بۆ منی بکەی. ئەویش ووتی تۆ بەرم دە، تا پێت بڵێم.

وتی دەی بەرت دەم، تۆ ئەڕۆی بە جێم دێڵی، چۆنت بدۆزمەوە؟ وتی من ناڕۆم، کە ڕۆیشتم پێت ئەڵێم چی بکەی و چۆن بم دۆزیەوە.

ئەویش بەری دایە نێو ئاوەکەوە.
ماسی یەکە پێ وت، هەرکاتێ ویستت بم بینی، وەرە لێواری دەریا و بانگ بکە : "پادشای دەریا کان"، گورجێ دێم بە هاوارتەوە.
وتی باشە.

ماسی لێی دا ڕۆیشت و کابرای ماسیگیریش ملی ڕێگای گرت و سەر شۆڕ گەڕایەوە بۆ ماڵ.

ژنەکەی پرسی: باوڕەکەی دەس خاڵی گەڕاویتەوە.

وتی بەخوا هەرچی تۆڕم هاویشت شتێکم بۆ نەگیرا. لەم ئاخرەوە ماسیەکی چکۆڵەی سوورم دی، بە کەڵکی خواردن نەدەهات. پاڕایەوە وتی وێلم کە منیش دڵم بۆی سووتا بەڕەڵام کرد، کە ڕۆیشت وتی ڕۆژێ ئەبێ چاکەت بدەمەوە. وتم جا تۆ بەو لەشە بچکۆلانەتە چیت لێ دێ بۆ منی بکەی؟ وتی جا وتم ئیتر.

دەی نەیوت چۆن بی بینیەوە ؟
با، وتی، هەرکاتێ ئەتەوێ بم بینی، وەرە لێواری دەریا و بانگم کە، دێم بە هاوارتەوە.

دەی گورج بە، بڕۆ تاقی بکەوە بزانە ڕاستە.
دەی ئەگەر ڕاست بوو بڵێم چی بکا ؟
ژنە وتی ئەی خوا هەی! کورە بڵێ برسیمانە، نەختێ خواردەمەنیمان بۆ بنێرێ .

ماسیگیر نەختێ بیری کردەوە و وتی وەڵلا خۆ خراپیش ناڵێی.
هەستا و چوو بۆ لێواری دەریا، هەر کە گەیشتە پێشەوە، هاواری کرد

**پاوشای دەریا کان ! پاوشای دەریا کان...**

کتوپڕ، ماسی یە سوورە چکۆلەکە، دیاری دا و وتی: ها برام چیت دەوێ ؟

وتی من ناڵێم، ژنەکەم ئەڵێ، زەواد لە ماڵمان نیە، برسیمانە.
وتی باشە بگەڕێوە.

کابرای ماسیگیر گەڕایەوە، تەماشای کرد سفرەیێ ڕاخراوە، ئەوە وا دڵت بخوازێ، لە خواردەمەنی و سەردرەختی لەسەری چنراوە. دانیشتن بە هەوەس خواردیان و چاکشیان کرد بە سەرا و بۆی ڕاکشان.
خواردەمەنیش ئەوندە زۆر و زەبەندە بوو بەش دوو سێ ڕۆژ...

پاش دوو سێ ڕۆژ، دووبارە ئەو بەرنامەیە بەڕێوە چوو. ماوەیەک بەم جۆرە تێ پەڕی.
ڕۆژێکیان ژنەکە هات لە تەنشتی مێردەکەیەوە دانیشت و وتی:
پیاوەکە، ئێستە کە ئەم ماسیە خواگەیاندوویە بۆمان، ئاوا چاکەمان لەگەڵ ئەکا، دا هەستە بڕۆ بڵێ ماڵە قوڵەیەکمان بداتێ، خۆ ئێمە لە نێو ئەم کەپرەدا ناتوانین بژین.

ماسیگیرەکە وتی باشە. هەستا چوو دووبارە بانگی کرد:

**پاوشای دەریا کان ! پاوشای دەریا کان...**

ماسی یه چکۆلەکە هات وتی:

ها برام چی یه؟

ماسیگیر وتی:
بەخوا من نالێم ژنەکەم ئەڵێ، بەڵکوو ماڵێکمان پێ بدەی کە بتوانین تیایا ئۆقرە بگرین و بژین.

وتی باشە بگەڕێوە.

ماسیگیر گەڕایەوە و تەماشای کرد کۆشکێکی گەورە و جوان خاس لە جێگای کەپرەکەیان دایە.



چووە پێشەوە، سەیری کرد چەن ژووری خەون و سالۆن و سەرسەرا پڕ لە مۆبل و کەرەسەی ژین، ئەوندوە جوانن چاو ناتوانێ سەیریان بکا.

پاش چەن ڕۆژ، ژنەکە هاتە تەنشتی مێردەکەی و وتی پیاوەکە، وتی ها چیە؟ ئەڵێم، بەقەولم ئەکەی شتێکت پێ بڵێم؟
وتی ئاگیانە بۆچ بە گوێیت ناکەم

وتی دە بچۆ بە ماسیەکە بڵێ ئێستە کە تۆ ئەو هەموو پیاوەتیەت کردووە، ژنەکەم ناتوانێ، ئەو هەموو خانووبەرە گەورە و چەن قاتە، پۆخت و تەمیز بکا، چەن کارەکەرمان بۆ بنێرێ.

ماسیگیر وتی باشە و هەستا دووبارە چووە لێواری دەریا و بانگی کرد

**پاوشای دەریا کان ! پاوشای دەریا کان...**

ماسیە چکۆلەکە هات و وتی: ها برادەر دیسان چی یە؟

وتی بەخوا من ناڵێم ژنەکەم ئەڵێ، ئەو خانوو بەرەیە زۆر گەورەیە، پێم ناکرێ خاوێنی بکەمەوە، چەن کارەکەرمان بداتێ.

ماسی چکۆلە وتی باشە.

کە گەڕایەوە تەماشای کرد، هەر لەبەر دەرگاوە نۆکەر و کارەکەر وەستاون، کڕنۆشی بۆ ئەبەن تا گەیشتە پێشەوە و وەژوورکەوت.

ماوەیێ تێ پەڕی و ژنی ماسیگیر بوو بوو بە خانمی دیواخان، هەر خۆی حیساب بوو

ماوەیێ دوای ئەوە، دیسانەوە ژنەکە هاتە بن دەستی مێردەکەی و وتی: پیاوەکە من ئەمەوێ زەڕ و زیوەرم هەبێ، بچۆ بە ماسی یەکە بڵێ.

کابرای ماسیگیریش، بە نەوەدڵی، هەستایەوە چوو دیسانەوە هاواری کرد

**پاوشای دەریا کان، پاوشای دەریاکان**

ماسی یە چکۆلە سەری لە ئاو هێنایە دەرێ، وتی ها چ بووە؟

وتی بەخوا من ناڵێم، بەڵام ژنەکەم ئەڵێ، ئەو هەموو چاکەتە لەگەڵمان کردووە، داوای خشڵ و زەڕ و زیو ئەکات.

وتی باشە بگەڕەوە.

کابرا گەڕایەوە، تەماشای کرد ئەوندە خشڵ و زەڕ و زیوی بۆ هاتووە تا خوا حەز ئەکا. ژنە ئیتر پلەزیقانی بوو، هەر ساتێ بە ڕەنگێ خۆی ئەڕازاندەوە و لەنجەی بۆ ئەکرد. لە ئاوێنە سەیری خۆی ئەکرد و بزە ئەنیشتە سەر لێوانی.

پاش ماوەیێ، دووبارە بە نازەوە هات و لە تەنشتی مێردەکەی دانیشت و وتی پیاوەکە

وتی ها چیە گیانە بڵێ بزانم.

وتی ئاخر لە ڕووم هەڵ نایێ

وتی بلێی بزانم، لە کێ شەرم ئەکەی، خۆ کەسمان لا نیە.

وتی من ئەمەوێ وەک مانگ و خۆر جوان بم، کەس لەمن جوانتر نەبێ.

پیاوەکە وتی ئاخر چۆن لەڕووم هەڵ بێ، شتی وا داوا بکەم؟

من پێم خۆشە دەهەستە خێرابە

کابرا هەستا و چوو، وەکو هەمیشە، بانگی کرد:

**پاوشای دەریا کان ! پاوشای دەریا کان...**

ماسی یە چکۆلەکە هات و وتی برام دیسان چیت دەوێ؟

وتی بەخوا من هیچم ناوێ، ژنەکەم ئەیەوێ وەکوو مانگ و خۆر بێ و لە هەمووان جوانتر بێ.

ماسی یە چکۆلەکە وتی:

ئێستە ئەزانم چ باسە ! بگەڕێوە.

کە کابرا گەڕایەوە، سەیری کرد نە کۆشک و تەلار ماوە، نە نۆکەر و دەس و پێ.

ژنە سەر شۆڕ و کز و داماو، لە نێو کەپرە داڕزاوەکەی دا، دۆش داماوە.